# " کاساوسـێ * "

رۆژانە هەر هیچ نەبێت ئەگەر دووجار سەردانی ماڵپەرە کوردییەکان و رۆژنامەو گۆڤارەکان نەکەم ئەوە دەبێت جارێک سەردانی هەموویان بکەم و بزانم دەنگوباسی وڵاتەکەم چییە ؟؟ بە دەیان گوتار و تۆژینەوەو راوبۆچوونی جیاوازی بەپێزو چاک دەبینرێت، کە شایانی خوێندەوەو هەڵویستە کردنی تایبەتن لەلایەن کاربەدەستانی کوردەوە.. هەموو نەتەوەیەکی پێشکەوتوو لەم جیهانە پێش هەموو شتێک سەرکردەکانییان رۆژنامەو گۆڤارەکان دەخوێننەوە ، خۆ ئەگەر خۆشیان دەرفەتیان نەبێت ئەوە راوێژکارو بیرۆی ( نووسینگەی) راگەیاندنیان هەیە ، کە رۆژانە نەک رووداوەکانی ناوەخۆ بەڵکوو جیهانیشیان بۆ تاوتوێ دەکەن و راوبۆچوونی خۆیان بۆ سەرکردەکانییان دەردەبرن ..

لە بەریتانیا لەسەر نووسینێکی رۆژنامەنووسێک چ بەزمێکیان بە تۆنی بلێری سەرەک وەزیران کرد ؟

ئێستا بە خۆشحاڵییەوە چەندین ماڵپەری کوردیی پێشکەوتوو هەیە وەک (کوردستان پۆست ، کوردستان نێت ، دەنگەکان ، کوردستان ئۆبزێرڤەر و مۆنیتەر) و کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤاری دیکەش کە ناتوانم ناوی هەر هەموویان لێرەدا بنووسم ئەوانەی سەرەوە تەنیا نموونەن...کۆمەڵێک بیرمەند و نووسەری بە توانا کە زۆربەیان خاوەن بروانامەی باڵان و ئەوانی تریش ئەگەر ئەکادیمی نەبن ئەوە قاڵبووی دونیای سیاسەت و خاوەنی ئەزموونێکی چەندینساڵەی خەبات و تێکۆشانی سیاسیی و پێشمەرگایەتین کە هەموومان قەرداری ئەو پێشمەرگە سەربەرزانەی کوردستانین تاهەتایە .

ئەو هەموو نووسینە هەیە کەچی بە دەگمەن هەیە یەکێک لە سەرکردەکانمان وەڵامێکی یەکێک لەو وتارو رەخنانە بداتەوە ، بابە هەر هیچ نەبێت هەندێک

لەو گرێ کوێرانە کە بوونەتە پرسیاری رۆژانەی گەلی کورد بدەنەوە ، ئەم کوردە وای لێهاتووە سەر لە هیچ دەرناکات ، غازی الیاور تاکو دوێنی کەس هەر ناویشی نەبیستبوو ئیستا هەرەشە لە کورد دەکات و سەرکردەکانی ئێمەش بە وشەیەکیش وەڵامی ئەو هەرەشەوگورەشەیەی سەرۆک کۆماری ئاخر زەمانیان نەدایەوە...

ئەگەر سەرکردەکانی کورد گوێبگرن لەو هەموو زاناو پسپۆرو رۆشنبیرانەی کورد ، بەتەواوی هەستییان بەو خەتەرو پیلان وهەرەشەیە دەکرد کە لە دەرەوەو ناوەوی کوردستان دژی کورد بەرێوە دەچێت !!!

یان ئەوەتا کاربەدەستانی کوردستان هیچ ناخوێننەوە یان بایەخ بە راو بۆچوونی کەس نادەن ، ئەگەر نا ئیستا کورد لە سەر دووریانێکی هاتونەهاتە ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین ئەبینە کوردەی لە هەردوو جەژنەبوو، ئەگەر ئێمە بە تەمای برا ((چاو رەش و عەگال بەسەرەکان بین)) ئەوە هەر دەبێت بڵێین " شیردا بۆ داپیردا" ئەی ئافەرین کورد بە گاڵتە خۆ نەتگوتووە (( ئەگەر بە تەمای کاساوسێ بیت ئەوە بێ شێو** سەردەنێیتەوە***))

فەخرەدین گەرمیانی / کۆنگۆ

---

* کاساوسێ : خۆراک یان چێشتی ئێوارانە کە دراوسێ بۆ یەکتری دەبەن ، ئەم نەریتە بەتایبەت لە دێهاتەکانی کوردستان جاران باوبوو.

** شێو : نان و خۆراکی ئێواران (شییو) یان (شێو) یان چێشت

*** سەردەنێتەوە : واتا دەنوێت ، دەخەوێت .